https://doi.org/10.54809/jkss.vi7.292
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی لە شێوەزاری سلێمانیی دا

**پ.ی.د. سازان ظاهر سعید**
بەشی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی- هەرێمی کوردستان، عێراق
sazan.mohammad@univsul.edu.iq

**شنە عەزیز رەحیم**
وەزارەتی پەروەردە-هەرێمی کوردستان، عێراق
shna.mina84@gmail.com

**پوختە.**
توێژینەوەکە بە ناونیشانی (فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی لە شێوەزاری سلێمانیی دا)، هەوڵدانە بۆ پەسەندکردنی روانگەکانی ناسینەوەی فرێز بە گشتیی و پرۆژەی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیی- شێوەزاری سلێمانیی دا بە تایبەتیی. توێژینەوەیەک بە گرنگ زانرا، کە بتوانێت لەلایەک وابەستەی دیاریکردنی ئەو توخمە فەرهەنگییانە بێت، کە وەک سەری پرۆژەسازدەر، بە میکانیزمی بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی، هەژمار ئەکرێن و، لە لایەکی ترەوە کرۆک و خودی توێژینەوەکە بێن بە بەڵگە بۆ بوونی جۆرێکی تری فرێزی دیارخەریی، کە (فرێزی دیارخەریی ئەرکیی)یە، بەم پێیەش روانگەی جیاکارییەکە، پشت بە چەشنی درووستە/ پێکهاتەی توخمە پرۆژەسازدەرەکان ببەستێت. ناوەرۆکی توێژینەوەکە، دەستنیشانکردنی ئەو توخمە فەرهەنگییانەیە، کە پشتبەستوو بە بنەماکانی تیۆری (X-bar)، وەک سەری فەرهەنگیی بۆ بەرهەمهێنانی (فرێزی فەرهەنگیی) دیاریکراون، لەناو چەشنی ئەو فرێزانەشدا، (فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی) بە هەند وەرگیراوە و پەیوەست بە توخمی پرۆژەسازدەر و میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانییەوە، کاری لەسەر کراوە. توێژینەوەکە دەریخست، کە لە روانگەی تیۆری (X-bar)ەوە، جۆری زانیاریی و ناواخنی سەرە پرۆژەسازدەرەکان، هۆی ناسینەوە و پەسەندکردنی (فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی)ن، ئەو فرێزانەش، خاوەنی درووستە و گۆکردن و مەودای بونیاتنانی تایبەت بە خۆیانن.

**کلیلە وشەکان: سەری فەرهەنگیی، درووستە، پرۆژەسازدان، فرێزی فەرهەنگیی، فرێزی دیارخەریی.**

Recieved: 13/6/2023
Accepted: 26/6/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

ئەم توێژینەوەیە، بۆ (فرێزی دیارخەری فەرهەنگیی لە شێوەزاری سلێمانیی دا) تەرخانکراوە. لەلایەکەوە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو روانگانەی، کە کراون بە بنەما بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی فرێز لە زمانی مرۆڤدا. لە لایەکی تریشەوە، شیکردنەوەی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی لەڕووی درووستە و پێکهاتنەوە لە مەودای سینتاکس دا و نواندنیان لە هێڵکاریی درەختیی دا، بەشە پراکتیکییەکەی توێژینەوەکە پێک ئەهێنێت. بۆ ئەوەش توێژینەوەکە بەپێی رێبازی (پەسنیی) و لە سنووری دوو بەش دا بەجێهێنراوە. بەشی یەکەم، لە چەند پارێک پێکهاتووە و تایبەتکراوە بە بنەما تیۆرییەکانی ناسینەوەی فرێز، کە خۆی لە روانگەکانی (فرێزپێکهێنان، تیۆری X-bar، روانگەی ئەرکیی)دا ئەبینێتەوە، سەرەڕای پەسەندکردنی سەرە فەرهەنگییەکان و بنەمای دیاریکردنیان. لە بەشی دووەمیش دا، تیشک خراوەتەسەر فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی و مەوداکەی دەستنیشان کراوە، پاشان ئەو کەرەستانە دیاریکراون، کە حوکمی سەری فەرهەنگییان هەن و جڵەوی بونیاتنانی پرۆژەکەیان گرتووە.

توێژینەوەکە پەیوەست بە تایبەتمەندیی و ئەدگاری زمانی کوردیی- شێوەزاری سلێمانییەوە بەجێهێنراوە، لەو رووەشەوە، نموونە و بەڵگەکانی توێژینەوەکە، لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانەی شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون و تاقیکراونەتەوە.

جێی ئاماژەیە، هەندێکجار بەرامبەر زاراوەی /فرێزی فەرهەنگیی/، /وشەی فرێزی/ بەکارهێنراوە. «وشەی فرێزیی بەو مۆرفێمانە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی دا درووست ئەکرێن، کە لە سینتاکس دا فرێزیان پێ بەرهەم ئەهێنرێن. ئەوانە بریتیین لە سێ مۆرفێمی سەرەکیی و بریتیین لە مۆرفێمەکانی /_ی/ خستنەپاڵ، /و/ی بەستنەوەو /ە/ی دیاریکردن.... وەک نموونەکانی /شەقامی سالم، گوڵەگەنم، دەموچاو/» (مەحویی، ٢٠١٩، ٤١٠). بەوپێیە، ئەو کاتەی بەهۆی پرۆسەی بەلێکسیمبوونەوە، فۆرمێکی سینتاکسیی بۆ فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی/ فەرهەنگیی ئەگۆڕێت، ئەوا ئەو پێکهاتانە، حوکمی وشە/ لێکسیمیان ئەبێت و بە یەکەی فەرهەنگیی هەژمار ئەکرێن، بەڵام وەک پێشتر روونکراوە بە وە، لەم توێژینەوەیەدا زاراوەکە -فرێزی فەرهەنگیی- بۆ جۆرێکی تایبەتیی فرێز بەکار ئەهێنرێت، کە یەکەیەکی سینتاکسییە و لە سینتاکس دا گۆئەکات.

## ١) روانگەکانی ناسینەوەی فرێز

### ١/١) درووستەی فرێز/ فرێزپێکهێنان

یاساکانی فرێزپێکهێنان، قۆناغی پێش تیۆریی X-bar بوو، کە بۆ شیکردنەوەی درووستەکانی فرێز و رستە بۆ کەرەستەی پێکهێنەری بچووکتر، کاریان پێ ئەکرا. تیادا کۆمەڵێک یاسا بۆ پێکهێنانی فرێز لە رستەی جیاوازدا خرابوونەگەڕ، کە کار لەسەر کەتیگۆرییە رێزمانییەکانیان ئەکرا، نەک پەیوەندییە رێزمانییەکان. لەم رووەوە یەکەم یاسا، رستە بۆ دوو بەشی سەرەکیی شیی ئەکاتەوە/ دابەش ئەکات، فرێزی ناویی و فرێزی کرداریی، پاشان بۆ هەریەکێکیان ئەو یاسایانە دیاری ئەکات، کە کەرتەکانی کەتیگۆرییە جیاوازەکانی ئەو فرێزانەی پێ جیائەکرێتەوە، تا ئەگەنە ئەو یەکانەی، لەوە زیاتر لێک ناترازێنرێن/ شیی ناکرێنەوە. (چۆمسکی، ١٩٨٥، ١٠) لە (قادر، ٢٠٠٩، ٢٠) وەرگیراوە.

بەم پێیە سەرەتا لە چوارچێوەی یاساکانی فرێزپێکهێنان دا، تەنها دوو جۆر کەتیگۆریی دیاری کرابوون، ئەوانیش

(کەتیگۆریی فەرهەنگیی و کەتیگۆریی ئەرکیی) بوون، کە بەپێی یاساکان، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان (ناو، کردار، پێشناو، ئاوەڵناو) ئەگرێتەوە و هەرچی کەتیگۆرییە ئەرکییەکانیشن، بریتین لە (فرێزی ناویی، فرێزی کرداریی، فرێزی پێشناویی و فرێزی ئاوەڵناویی).(Radford, ١٩٨٢, ٩٢)، بۆ ئەمەش، لە سەرەتادا یاساکانی فرێز پێکهێنان لە (٨) یاسا پێکهاتبوون (قادر، ٢٠٠٩، ٢٠)، بڕوانە یاساکان لە (١)دا، کە بەهۆیانەوە رستە و فرێزەکانی پێ شیتەڵ ئەکرا، ئەوانیش فرێزەکان و یەکە فەرهەنگییەکان بوون، بەوەش (ئەو کاتیگۆرییانە زۆر سنووردار و نیشانکراو بوون، کە گەورەترینیان فرێز و بچووکترینیشیان فەرهەنگیی/ لێکسیکیی بوون، واتە لەنێوان ئەم دوو جۆرەدا، هیچ کەتیگۆرییەکی ناوەند نەبوو، بەڵکو هەر پێکهێنێک ئەبوو؛ وشە، یان فرێز بێت، بەڵام هەندێک بەڵگەی تێستکراو ئەوە ئەخەنەڕوو، کە کەتیگۆریی ناوەندیش هەن) (مشکوەالدین، ١٣٨٦، ٢٤٣). کەواتە بەپێی یاساکانی فرێزپێکهێنان، تەنها مامەڵە لەگەڵ توخمی فەرهەنگیی و فرێزەکان دا ئەکرا، لە کاتێکدا (کەتیگۆریمان هەیە ئەکەوێتە نێوان هەردوو کەتیگۆریی فەرهەنگیی و فرێزەوە، کە ئەمجۆرەش بە کەتیگۆریی ناوەند ئەناسرێت و ئاستێکی باریی ئەدرێتێ، بۆ نموونە کەتیگۆریی دەستەواژیلە، کە لە فرێز بچووکترە و لە «وشە»ش گەورەترە، بۆیە بە کەتیگۆریی ناوەند دائەنرێت) (عەبدولا، ٢٠٢٢، ١٠).

١.a. S ⟶ NP + VP

b. VP ⟶ V + NP

c. NP ⟶ DET + N

d. V ⟶ AUX + V

e . DET ⟶ the a …..

f. N ⟶ (man, ball, book….)

g. AUX ⟶ (will, can,….)

h. V ⟶ (hit, wrote, read, ….)

یاساکان ئەوە روون ئەکەنەوە، کە سادەترین رستە لە زمانەکاندا، لە (بنە، بار)ێک پێکدێت، کە تێیدا بنەNP و باریش VP ئەگرێتەوە.

بە گشتیی لە نواندنی پێکهاتەکانی رستەدا، چەند رێگەیەک ئەگیرێنەبەر:(Aitchison, ١٩٩٩, ٦٥- ٦٧), (Cook & Newson, ٢٠٠٧, ٢٩-٣١)

١. هێڵکاریی درەختیی Tree Diagram: تایبەتە بە نیشاندان و نواندنی پێکهاتەکانی رستە لە شێوەی هێڵکاریی درەختیی دا.

٢. دارشتنەوەی یاساکان Rewrite Rules: جێگرەوە/ ئەلتەرناتیڤی دەربڕینی زانیارییەکانە بەهۆی هێڵکاریی درەختییەوە. بۆ نموونە هەر رستەیەک، کە لە NPو VP یەک پێکدێت، بەمجۆرە نیشان ئەدرێت.

S ⟶ NP VP

VP ⟶ V NP

NP ⟶ Det N


٣. کەوانە ناونراوەکانLabelled Bracketing: شیکردنەوەی رستەیە بۆ پێکهاتەی بچووکتر تا ئاستی مۆرفیم و وشەکان

و نواندنیـان لـە کەوانـە ناونراوەکانـدا، بەمجـۆرە:


.[[[[s [NP [Det My cat][vp fears NP[foxes]

هـەر لـە روانگـەی یاسـاکانی فرێزپێکهێنانـەوە، یاسـاکان زۆر فـراوان بـوون، تـا ئـەو رادەیـەی، بـۆ هـەر جۆریکـی فرێـز، یاسـایەک، یـان زیاتـر لـە ئـارادا بـوو، بڕوانـە نوانـدنی یاسـاکانی فرێزپێکهێنـان لـە هێڵکاریـی (١_أ،ب،پ،ت)دا (Haegeman, ١٩٩٨, ١٠٤)، کـە ئـەوە پیشـان ئەیـەن، هەریـەک لـە فرێـزەکان نوانـدنی تایبـەت بـە خۆیـان هەبـوو، تێیانـدا کەتیگۆرییەکان کرابـوون بـە ناولێنـەر/ دەرخـەری نـاوی فرێـزەکان، ئەمـەش رێگـر بـوو لـەوەی، یاسـایەکی گشـتیی پێکهێنـانی فرێـز لـە هەمـوو زمانەکانـدا دیـاری بکرێـت، بـەڵام (تیـۆری X-bar ئـەم تەمومژییـەی نەهێشـت، لەبـری ئـەوەی، کـە بـۆ هـەر گرێیـەک یاسـایەک، یـان چەنـد یاسـایەکی جیـاواز دابڕێژێـت، بـۆ هـەر هەمـوو گرێیـەکان یـەک یاسـای گشـتیی و هاوبـەش و ئاسـانکراو دائەڕێژێت)ر(محەمـەد، ٢٠٠٩، ١٥١). بـەو واتایـەی، هێمایەکـی گشـتیی بـۆ توخمـەکان دانـراو بەهایـان بـۆ دیـاری کـراوە، کـە X٠بـۆ کـۆی توخمـە فەرهەنگییـەکان و Y لەبـری تەواوکـەر و X- یـش بـۆ کەتیگۆرییـە سینتاکسـییەکان دەستنیشـانکرا، ئەمـەش بـۆ نوانـدنی توخمـەکانی هەمـوو زمانـەکان بـە گشـتیی، لەبـارەو دەسـتئەدات. بڕوانـە هێڵکاریـی ژمـارە (٢)، تایبـەت بـە نوانـدنی درووسـتەی ناوەکیـی گشـت جـۆرەکانی فرێـز لـە زمـانی مرۆڤـدا.


هێڵکاریی (١_أ)





هێڵکاریی (١_ب)




هێڵکاریی (١_پ)




هێڵکاریی (١_ت)



## ٢/١) تیۆری X_bar

تیـۆری X_bar، پێڕەوێکـی شـیکردنەوەی ڕێزمانیـ/ گراماتیکیـی درووسـتەی فرێـزە، لـە زمانەوانیـی بەرهەمهێنـان دا وەك جێگـرەوەی یاسـاکانی فرێـز پێکهێنـان هاتەکایـەوە. بـە واتـا (بـۆ سـەرلەنوێ داڕشـتنەوەی بیـرە کۆنـەکانی سـەرەی فرێـزەکان و مەرجدارکـردنی ئـەو زنجیـرە ئەگەرانـەی، کـە لـە یاسـاکانی فرێـز پێکهێنـان دا هەبـوون، هاتەکایـەوە). (Trask, ١٩٩٣, ٣٠٧) لـە (عەبـدوڵا، ٢٠٢٢، ٩) وەرگیـراوە. لـەم تیـۆرەدا، یاسـاکانی فرێـز پێکهێنـان زۆر سـنووردار ئەکرێـن و لـە بەرامبەریشـدا کەتیگۆریـی فرێـزەکان لـەڕووی درووسـتەییەوە، زیاتـر شـیی ئەکرێنـەوە و دەرئەخرێـن. (Crystal, ٢٠٠٣, ٥٠٣)

تیـۆری X-bar، لەلایـەن (Ray Jackendoff) و (Noam Chomsky) یـەوە لـە سـاڵی (١٩٧٠)دا وەک مۆدێلێـک بـۆ بەرهەمهێنـانی درووسـتەی سینتاکسـیی_فرێز خرایـەڕوو، پاشـان لـە قۆناغـەکانی دواتـری GBدا تیۆرەکـە گەشـەی سـەند، بەجۆرێـک بانگەشـەی ئـەوە ئەکـرا، کـە لێکچوونگەلێکـی گشـتیی لـە ئاسـتی پێکهاتەیـی هەمـوو زمانەکانـدا بوونـی هەیـە (Dalarna,٤,٢٠٠٦)،ئـەم لێکچوونانـەش، وەک پرنسـیپی گشـتیی زمانـەکان لێیـان ئەڕوانرێـت، کـە دواتـر پارامیتـەر/ بگـۆڕەکان پنتـی جیاوازیـی نێـوان زمانـەکان دیـاری ئەکـەن. لـە GB دا هـەردوو زاراوەی (بنەمـاو پارامیتـەر)، کرانـە سـەنگی محـەک بـۆ پەسـەندکردنی زمـانی مـرۆڤ، بڕوانـە (Chomsky, ١٩٨١, ٦) لـە (حاجـی، ٢٠٠٧، ٢٩) وەرگیـراوە. تێڕوانینەکـەش بـەو جـۆرە بـوو، کـە پەیوەسـت بـە زمـانی مرۆڤـەوە، ڕێزمانێکـی گشـتیی جیهانیـی هەیـە و لەسـەر چەنـد بنەمایـەک بونیاتـنراوە، هەریـەک لـەم بنەمایانـەش، چەندیـن بگـۆڕی جیـاواز لەخۆئەگـرن، کـە پێکداچـوون و کارلێکـی نێوانیـان، ئـەدگارەکانی زمانێکـی دیاریکـراو ئەخەنـەڕوو. دواتـر ئـەم تیـۆرە بـوو بەیەکێـك لـە لقـە تیۆرییەکانـی بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوە. هـەر لـە تیۆرەکـەدا، چۆمسـکی هەوڵیـدا یاسـاکانی فرێـزە جیـاوازەکان بـۆ بنەمایەکـی گشـتگیر بگۆڕێـت و (وەچەتیـۆری X-bar ی بـۆ دیاریکردنـی درووسـتەی هەمـوو جـۆرە فرێزێـك لـە هەمـوو زمانێکـدا دانـاوە) (ڕەشـید، ٢٠١٥، ١١). واتـە تیۆرەکـە وەك تیۆرێکـی سـەربەخۆ، تایبەتـە بـە شـیکردنەوەو دەستنیشـانکردنی درووسـتەی فرێـزی هەمـوو زمانـەکان بـێ جیاوازیـی، بـەوەش تیۆرەکـە تایبـەت نییـە بـە زمانێـك، یـان چەنـد زمانێکـی دیاریکـراوەوە، بەڵکـو هـەر زمانێـك بەپێـی تایبەتمەندیـی درووسـتەی فرێزەکانـی، ئـەم تیـۆرە بەکارئەبـات و کاری پـێ ئـەکات.

تیۆرەکـە، تایبەتمەندییـە گشـتییەکانی ڕۆنـان و پێکهاتـەی فرێـزی زمانـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتیی و لەیـەك ڕووکاری ئاسـاییدا ئەخاتـەڕوو. واتـە ئـەم تیـۆرە (تایبەتـە بـە پێکهاتـەی نـاوەوەی پێکهاتەکانـەوە و پەیوەندیـی پێکهێنەرەکانـی نـاو پێکهاتـەکان ڕوون ئەکاتەوە).(یونـس، ٢٠١٣، ٥)، بـە جۆرێـک هەوڵـی شـییکردنەوەی درووسـتەی فرێـزەکان ئـەدات، ئەمـە جگـە لـەوەی، کـە (تیۆرێکـی سینتاکسـییە و چۆنێتیـی داڕشـتنی فرێـزەکان، کـە پێکهێنـەری رسـتەن، لـە ئاسـتە درووسـتەییەکاندا پەسـەند ئـەکات.) (سـعید، ٢٠١٥، ٢٠)

ڕوونکردنـەوەکانی سـەرەوە ئـەوە دەرئەخـەن، کـە «تیۆرکـە لـە درووسـتەی فرێزەکانـەوە دەسـت پـێ ئـەکات، کـە بەهـۆی توخمـە فەرهەنگییـەکانی (P٠, A٠, V٠, N٠, .....) ەوە بەرهـەم ئەهێنرێـن» (سـەعید، ٢٠٢٠، ١٠٣). تیۆرەکـە ڕەگەزەکانـی (سـەر، تەواوکـەر، دیاریـکار)، بـە کەرەسـتەی سـەرەتایی و بەرایـی فرێـزەکان دائەنێـت، کـە لەناویانـدا (سـەر) بنجیـی و خورتییـە و لـە چەشـنی فرێزەکەیـە و پێویسـتە هەمـوو کاتێـك بوونـی هەبێـت (حسـەین، ٢٠٠٩، ٥٥)، بـەوەش سـێ توخـم ڕۆڵیـان لـە بونیـاتی درووسـتەی فرێـزدا ئەبێـت.

لـە تیۆرەکـەدا پەیوەندییـەکان دوو پەلکیـن، تێیـدا X° ئـەو توخمـە فەرهەنگییانـەن (Lexical Category)، کـە زانیارییـە


سینتاکسییەکانیان تیا گەنجکراوە و بەهۆیانەوە درووستە و پڕۆژەی سینتاکسیی دائەڕێژرێن (Cook, & Newson,١٩٩٧, ١٦٠). X٠ەکان لە درووستەی فرێزدا ڕۆڵی سەرە ئەگێڕن، هەر بۆیە تیۆرەکە سەرە ڕێزمانییەکان ئەکاتە سیمای جیاکەرەوەی فرێزەکان، چونکە ئەوان توخمی پڕۆژەسازدەرن و ریزبوونی سینتاکسیی سەر و تەواوکەر یەکلائەکەنەوە. X٠ەکان کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار، دیارخەر) ئەگرنەوە، وەک وترا توخمی فەرهەنگیین و بە سەری ڕێزمانیی فرێزەکان دائەنرێن ، درووستکەری پڕۆژەی سینتاکسیین و بوونیان لە درووستەی فرێزەدا، خورتییە، bar یش نواندنی فرێزەکانە لە سینتاکس دا.

تیۆری X-bar، نەخشەی تێکردە فەرهەنگییەکان بۆ سەرجەمی فۆرمە سینتاکسییەکان، ئەنوێنێت، کە لە (X٠) ەوە دەستپێئەکات.(مەعروف و ئەوی تر، ٢٠١١، ٣-٤). پاشان تیۆرەکە نواندنی درووستەی فۆرمە سینتاکسییەکان و بەدوایەکداهاتنیX,Y و جێکەوتەی سەر و توانا و دەسەڵاتیX٠ بەسەر تەواوکەرەکەY یدا لەخۆئەگرێت. (Cook & Newson, ١٩٩٧, ١٣٣-١٤٧). هەر بەپێی تیۆرەکە، پێویستە هەموو فرێزێك خاوەنی سەرێکی ڕێزمانیی بێت، چونکە فرێزەکە بە فرێزی ناوەکیی دائەنرێت و تێیدا «سەریش هەر لەو خێزانەیە، کە دەستەواژەکە هەیەتی». (باقر، ٢٠٠٢، ٩٨)،بەوەش سەرە هەڵگری چ کەتیگۆرییەك بێت، فرێزەکەش هەڵگری هەمان کەتیگۆرییە، بۆ نموونە سەرەی فرێزی ناویی، ناوێکە و سەرەی فرێزی ئاوەڵناویی، ئاوەڵناوێکە و...هتد.

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، X-bar وەک مۆدێلێکی ڕێزمانیی تایبەت بە درووستەی فریز، زانیاریی سینتاکسیی فۆرمێکی فەرهەنگیی، لە ڕێگای درووستە سینتاکسییەکانەوە ئەخاتەڕوو، بەوەش پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و سینتاکس ڕێك ئەخات، هاوکات «هەر فرێزێک پڕۆژەی سەرێکە» (AARONS, ١٩٩٤, ٣٦). پەیوەست بەم توێژینەوەیەوە، درووستەی سینتاکسیی فرێزە فەرهەنگییەکان ئەخرێنەڕوو، تێیدا تەواوکەری سەرەی ئەمجۆرە فرێزانە، لە جۆری تەواوکەری سینتاکسیی ئەبن، چونکە «بەپێی تیۆری GB، ئەوەی حوکم ئەکرێت و دواتریش دۆخی ڕێزمانیی پێ ئەدرێت، مەرجە فرێز بێت، نەک وشە». (سەعید، ٢٠٢٠، ١٣٦).

بە گوێرەی تیۆرەکە، X٠ وشەی بەدەسەڵاتە و بونیاتنەری سەرەکیی و خورتیی درووستەی فرێزە، لە بەرامبەردا هەر XP یەک، پڕۆژەی سەرەکەیەتی X٠، کە هاوتای کەتیگۆریی توخمێکی فەرهەنگییە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە :MATTHEWS, ٢٠٠٧, ٤٣٩), (Ott,٢٠١٥, ٣). لەو ڕوانگەیەوە، کە X٠ توخمێکی بنەڕەتیی بێت لە بەرهەمهێنانی هەر جۆرێکی فرێزدا، ئەوا هێڵکاریی ژمارە (٢)، پێشنیازی هێڵکاریی ناوکۆیی نواندنی درووستەی ناوەکیی گشت جۆرەکانی فرێز ئەکات لە زمانی مرۆڤدا.

هێڵکاریی (٢)



## ٣/١) روانگەی ئەرکیی

لەم روانگەیەدا، دۆخ کراوە بە بنەمای ناسینەوەی فرێز، بەجۆرێک، دۆخ وەک کەتیگۆریی شکانەوەی ناو، یان فرێزی ناویی، پەسنکراوە. تێیدا دۆخە جیاوازەکان، ئاماژەن بۆ ئەرکی سینتاکسیی جیاواز، وەک بکەر، بەرکار، تەواوکەری کردار.....هتد، یاخود رۆڵی ئەرکیی وەک کارا. (CRUSE. ٢٠٠٦, ٢٢)، کەواتە بەپێی ئەم پێوەرە، دۆخ تەنها بە فرێزی ناویی ئەدرێت، بەوەش فرێزە ناوییەکان گۆکردنی سینتاکسیی جیاوازیان ئەبێت، واتە لە هەر ئەرکێکیاندا دۆخێکی جیاوازیان پێ ئەدرێت، لێکەوتەی ئەمەش، بوونی پەیوەندییەکی راستەوخۆیە لەنێوان دۆخی رێزمانیی و ئەرک/ گۆکردنە سینتاکسییەکەی فرێزی ناویی دا، بۆیە دۆخ و ئەرک وابەستەی یەکن، بە واتا گۆکردنی سینتاکسیی فرێزە ناوییەکە، مەرجی وەرگرتنی دۆخ دەسەپێنێت و بە پێچەوانەشەوە درووستە. بە دەربڕینێکی تر، بوونی دۆخ، ئاماژە بۆ فرێزێکی ناویی ئەکات لە جێکەوتەیەکدا، کە گۆکردنی سینتاکسیی تیا رووئەدات، هەروەک «بنەمای گشتیی تیۆری دۆخ، کە بە پاڵێوەری دۆخ ناوئەبرێت، بانگەشە بۆ ئەوە ئەکات، کە پێویستە هەموو فرێزە ناوییەکان لە جێکەوتەی دۆخدا رووبدەن» ,Cook & Newson), ٢٠٠٧, ٧٥) بۆ نموونە دۆخی نۆمینەتیڤیی، پەیوەست بە ئەرکی بکەریی و دۆخی ئەکیوزەتیڤیی پەیوەست بە ئەرکیی بەرکاریی فرێزە ناوییەکەوە ئەدرێن، بۆ دۆخەکانی تریش بە هەمان شێوە. لە بەرامبەردا فرێزە بێدۆخەکان، بە ئاوەڵکردار و فرێزە پێشناوییەکان (جگە لەو فرێزە پێشناوییانەی وەک تەواوکەر گۆ ئەکەن) دیاریکراون، ئەمجۆرانە لەو رووەوە، کە سەربارن، دۆخ وەرناگرن، بۆیە بوونیان خورتیی نییە، بەڵکو لە رستەدا سەرپشکیین و تەنها بە زانیاریی سیمانتیکییەوە پەیوەستن.

روونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەرئەبڕن، کە لە پێوەری ئەرک دا، درووستە کراوە بە بنەمای ئەرک-بینین و وەرگری دۆخەکان، کە بە فرێزی ناویی سپێردراوە، ئەمەش بە خشکەیی ئەوە ئەخاتەڕوو، کە لە سەرەتادا تەنها درووستەی فرێزە ناوییەکان بە کەرەستەی دۆخ-وەرگر هەژمارکراون، واتە پێیانوابوو بە تەنها درووستەکە بڕیار ئەدات، بۆیە پەیوەست بە درووستەی فرێزی ناوییەوە دۆخ و جۆرەکانی دیاریکراون، بەڵام دواتر تێڕوانینەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، بەجۆرێک درووستە و دۆخ لەیەک جیاکرانەوە، بۆیە بۆچوونی وابەستەیی دۆخ/ ئەرک، بە درووستەی فرێزی ناوییەوە بە تەنها، هەڵوەشێنرایەوە، بەوپێیەی لە قۆناغەکانی گەشەی تیۆریی X-bar دا، لێکدانەوەیەکی درووستەییانەی نوێ بۆ فرێزی ناویی کرا، کە تێیدا D٠ بە سەری پڕۆژەسازدەر دانرا، بڕوانە (Cook & Newson, ٢٠٠٧, ١٠٥)، بەوەش فرێزە ناوییەکان لەناو درووستەی فرێزی دیارخەریی دا، گۆکردنی تەواوکەرییان ئەبێت.

هەمووئەمانەش ئەوەمان پێ ئەڵێن، کە جگە لە فرێزی ناویی، جۆرەکانی تری فرێزیش، ئەوانەی پرۆژەی ئەو سەرە دۆخدەرانەن، کە لەلایەن تیۆری X-bar ەوە دیاریکراون، دۆخیان پێ ئەدرێت و ئەرک و گۆکردنی سینتاکسییان ئەبێت، وەک درووستەی (فرێزی دیارخەریی، فرێزی ئاوەڵناویی، فرێزی پێشناویی تەواوکەر).

## ٤/١) سەری فەرهەنگیی

بەپێی رێسای پرۆژەسازدانی جیهانیی، سەرە رێزمانییەکان بریتین لە رەگی کردار V°، ناو N° (ناوی تایبەتی و جێناوی سەربەخۆ)، ئاوەڵناو A°، پێشناو P°، دیارخەر D° (Determiner)، تاف T° (Tense)، رێککەوتن Agr° (Agreement))، واژەگۆکەر C° (complementizer). هەریەکە لەو سەرە رێزمانییانە لە ئاستێکدا جۆرێك لە فرێز

درووست ئەکەن. (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٩،١٠)

لەم پارەدا بە شێوەیەکی گشتیی، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار، دیارخەر)ەکان، وەک توخمێکی فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەر و سەری ڕێزمانیی فرێزە فەرهەنگییەکان، گۆ ئەکەن، بڕوانە (سەعید، ٢٠٢٠، ١١١)، چونکە لەناوX٠ەکانـدا، تەنها کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (°V° ‘N° ‘ P° ‘ A) سەری دۆخدەرن و لەتوانایاندایە تەواوکەرێك بۆخۆیان هەڵاوێر بکەن و دۆخیان بدەنێ، بەپێچەوانەی X٠ ەکانی وەك (°C° ‘ Agr° ‘ T)، کە سەری ئەرکیی حوکمکەرن.

کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان سیمای جیاکەرەوەی فرێزە فەرهەنگییەکانن، بەشێوەیەك، کە سەرە فەرهەنگییەکە هەڵگری چ کەتیگۆرییەك/ پۆلە رەگەزێکی ڕێزمانیی بێت، فرێزەکەش هەڵگری هەمان کەتیگۆریی ئەبێت، واتە ئەگەر سەرە (ناو) بێت، فرێزەکەش ناویی ئەبێت، ئەگەر سەرە (ئاوەڵناو) بێت، فرێزەکەش ئاوەڵناویی ئەبێت و ... هتد.

## ٥/١) بنەمای دیاریکردنی سەری فەرهەنگیی

پەیوەست بە دیاریکردنی جۆری سەرەکانەوە، درووستە ئەکرێت بە بنەما/ پێوەرو سەنگی محەک بۆ یەکلاکردنەوەی جۆری سەرەکان و جیاکردنەوەی سەری فەرهەنگیی لە سەری ئەرکیی، بەجۆرێک سەربەخۆیی فۆڕمیی سەرەکان، ئەبێت بە بەڵگەی دیاریکردن و ناسینەوەی سەری فەرهەنگیی، کە توخمەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار) ئەگرێتەوە، سەرەڕای (وشەی نیشانە، ژمارە و ڕاددە)ش، کە وەک سەری فەرهەنگیی، هەژمار ئەکرێن. ئەو توخمانە، بە شێوەی فۆڕمیی سەربەخۆ و بە زانیارییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، ئەمەش دەریئەخات، کە «سەرەی گشت گرێیە فەرهەنگییەکان سەر بە بەشەکانی ئاخاوتنن، هەروەها هەڵگری واتا و ناونیشانی گرێیە فەرهەنگییەکانن» (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢، ٥٠). بەوپێیە «ئەوانەی فرێزی فەرهەنگیی (Lexical Phrase) ن، تەواوکەرەکانیان تەواوکەری فەرهەنگیین، کە ئەکرێت لە سینتاکس دا فۆڕمەکەیان بۆ تەواوکەرێکی سینتاکسیی بگۆڕێت» (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٠٨-١٠٩). کەواتە (أ) هەریەك لە کەتیگۆرییەکانی سەر، فۆڕمیی فەرهەنگییان هەن و هەر لە فەرهەنگەوە هێنراونەتەناو سینتاکسەوە، هەروەک تەواوکەرەکانیشیان لە فەرهەنگدا لە ناواخنی سەرەکاندان، (ب) هەر لەبەرئەوەیە سەرەکە بە سەرێکی فەرهەنگیی و تەواوکەرەکەشی بە تەواوکەرێکی فەرهەنگیی دائەنرێن ، هەمووو ئەمانەش پاساون بۆئەوەی، درووستە بەرهەمهاتووەکە بە (فرێزی فەرهەنگیی) لەقەڵەمبدرێت. «بەم پێیە تیۆری (X-bar) چەند جۆرێک لە گرێی فەرهەنگی دیاری ئەکات، کە بریتین لە: (گرێی ناوی NP، گرێی کرداری VP، گرێی ئاوەڵناوی AP، گرێی بەند PP» (ڕەسوڵ، ٢٠١٢، ١٩).

## ٢) فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی لە شێوەزاری سلێمانیی دا

### ١/٢) مەودای فرێزی فەرهەنگیی

دیاریکردنی سنورو مەودای فرێزی فەرهەنگیی، وابەستەی جۆری کەتیگۆریی و ئەو دۆخانەشە، کە سەرە فەرهەنگییەکان ئەیدەن، بەوپێیەی ئەو دۆخانە، لە مەودایەکی دیاریکراودا و پەیوەست بە ڕێسای پڕۆژەسازدانەوە، لەلایەن سەرە فەرهەنگییەکانەوە پەیوەست بە چەند کەتیگۆرییەکی دیاریکراوەوە ئەدرێن. وەک پێشتریش گوترا،

مەبەست لە پێدانی دۆخ، ڕێکخستنی پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان سەروتەواوکەر (X,Y)ە، کە بەپێی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە، دۆخی ڕێزمانیی دروستەیی (structure case) ئەگرێتەوە. لە زمانی کوردیی دا، پێدانی دۆخ بەپێی جێکەوتەیە، واتە فرێز/ تەواوکەر بەپێی جێکەوتە، دۆخ لە سەرە ڕێزمانییە دۆخدەرەکەیەوە وەرئەگرێت، بڕوانە (مەحویی، ٢٠٠١)، بەمەش جێکەوتە ڕۆڵی گرنگی لە پێدانی دۆخ دا ئەبێت، کە بەهۆی ریزبوونی کەرەستەکانەوە دیاری ئەکرێت.

## ٢/٢) فرێزی فەرهەنگیی

فرێزی فەرهەنگیی، لەڕووی پێکهاتەوە دروستەیەکی فرە وشەییە، واتە چەند وشەیەك پێکەوە لە جەمسەرە فەرهەنگیی و ڕێزمانییەکاندا، بەشداریی بەرهەمهێنانی فرێزەکە ئەکەن، بەوەش فرێزە فەرهەنگییەکان بەهۆی پەیڕەوکردنی یاسا سینتاکسییەکانەوە دەستنیشان دەستئەخرێن. هەر لەمبارەیەوە، (عەبوزەید، ٢٠١٩، ٣٥) پێیوایە، فرێزی فەرهەنگیی، ئەو جۆرە فرێزانەن، کە سەرەکانیان بریتین لە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار)، کە سەرەکان، جۆری فرێزە فەرهەنگییەکان دەستنیشان ئەکەن.

ئاشکرایە زانیارییە سینتاکسییەکان لە بنەڕەتدا زانیاریی فەرهەنگیین، لەبەرئەوە X-bar وەك مۆدێلێکی ڕێزمان بۆ دروستەی فرێز، لە ڕێگای دروستە سینتاکسییەکانەوە زانیاریی سینتاکسیی فۆرمێکی فەرهەنگیی ئەخاتەڕوو، بەوەش دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگیی توخمێك نیشان ئەدات، وەکچۆن لە تیۆرەکەدا هاتووە، X°ەکان، کە (کردار، ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، دیارخەر)ەکان ئەگرێتەوە، دروستکەری پرۆژەی سینتاکسیین، واتە سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرن، بەوەش هەر فریزێك پرۆژەی سەرێکە. (سەعید، ٢٠١٩، ٦٨).

سەبارەت بە جۆرەکانی فرێز پەیوەست بەچەشنی سەرەکانەوە، ئەکرێت بەپێی تیۆری X-bar، دوو جۆر فرێز لەیەک جیابکرێنەوە، ئەوانیش (فرێزی فەرهەنگیی، فرێزی ئەرکیی)ن، کە بەهۆی کەتیگۆرییە فەرهەنگیی و ئەرکییەکانەوە بەرهەم ئەهێنرێن، بەجۆرێك سەرە فەرهەنگییەکانی (N۰ ,A۰ ,P۰,V۰,D۰)، بەرپرسی بونیاتنانی فرێزی فەرهەنگیی و سەرە ئەرکییەکانی (C۰, Agr۰ ,T۰,)ش، فرێزی ئەرکیی دروست ئەکەن. لەناو جۆرەکانی فرێزە فەرهەنگییەکاندا، فرێزی دیارخەریی وەرگیراوە و کاری تیا کراوە.

## ٣/٢) فرێزی دیارخەریی DP


فرێزی دیارخەریی، بەهۆی دیارخەرەکانەوە بەرهەمیەن، کە هەندێکیان لە جۆری دیارخەری ئازاد و هەندێکیشان لە جۆری دیارخەری نائازادن. ئەو دیارخەرانەی نائازادن (بەپێی گریمانەی (DP) ئەبن بە سەری فرێزەکەو تەواوکەرێك بۆ خۆیان هەڵئەبژێرن، لەبەرئەوەی سەرێکی لکاون، بۆیە ئەو کەتیگۆرییە ڕێزمانییانە شوێنی (spec) پڕناکەنەوە، بەڵکو خۆیان ئەبن بە سەری فرێزەکە.) (ڕەشید، ٢٠١٥، ٤٤). هەرچەندە تا ئێستاش زمانەوانەکان ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لەبارەی ئەم چەشنەی فرێزەوە خستووەتەڕوو، لە هەندێك سەرچاوەدا (N) و (D) فرێزی ناویی NP و لەهەندێك سەرچاوەی دیکەدا فرێزی دیارخەری DP دروست ئەکەن، بەڵام «لە لێکۆڵینەوەکانی دواتری تیۆری X-barدا فرێزی ناویی وەك فرێزی دیارخەریی DP سەیری ئەکرێت و لێکئەدرێتەوە، چونکە بەپێی

ئـەم بۆچوونـەی دواتـری تیۆرەکـە، دەرخەرەکـە (Determiner – Dهکـە ئەبێـت بـە سـەرەی فرێزەکـە و ناوەکـەش ئەبێـت بـە تەواوکـەری سـەرەکە«.(محەمەد، ٢٠٠٩، ١٥٤)، هەروەهـا برِوانـە (Abney, ١٩٨٧, ٤٨-٤٩).

لـە درووسـتەی فرێـزی دیارخەریـی دا، نـاوە گشـتییەکان بەهـۆی دیارخەرەکانـەوە رێگەیـان پـێ ئەدرێـت گۆکـردنی فرێزیـان هەبێـت، هەرچەنـدە هەندێکجـار نـاوی گشـتیی بەهـۆی قورسـایی خستنەسـەرەوە، نیشـانەی [+ نـاسراوی] پـێ ئەدرێـت و ئەتوانێـت بـە تەنهـا گۆکردنـی سینتاکسـیی فرێـزی هەبێـت، برِوانـە «پیـاو/ ژن هەرگیـز کاری وا ناکـەن»، ئەمـە جگـە لـەوەی، هەندێـك نـاوی گشـتیی هـەن، بـوون بـە زانیاریـی زانـراو لای ئاخێـوەر، چونکـە لـە رسـتەیەکی راسـتیی نەگـۆرِدا دەرئەبرِێـن، بۆیـە دیارخەرەکانیـان زیـادو کـەم بەهـان، هەربۆیـە ئەمجـۆرە ناوانـە بـە تەنهـا گۆکـردنی فرێزیـان ئەبێـت، برِوانە>خـۆر لـە خۆرهەڵاتـەوە هەڵدێـت<. بەمپێیـە وەک پێشـتر خرایـەرِوو، نـاوە گشـتییەکان بـە مـەرج دەرفـەتی رێپێـدانی سینتاکسـییان پـێ ئەدرێـت: (أ) بەهـۆی دیارخەرەکانـەوە، کـە ئەبـن بـە سـەرەی فرێزەکـە، گۆکـردنی DP یـان ئەبێـت، برِوانـە نموونـەی (١) و نواندنەکـەی لـە هێڵکاریـی (٣)دا، (ب) یـان بەهـۆی قورسـایی خستنەسـەرەوە، رێگەپێدانەکەیـان بـۆ دەسـتەبەر ئەکرێـت (مەعـروف، ٢٠١٠، ١٥). برِوانـە نموونـەی (٢) و نواندنەکـەی لـە هێڵکاریـی (٤) دا.


١. {کورِەکە}

هێڵکاریی (٣)




٢. پەلەوەر ئەنفلۆنزای باڵندە بۆ مرۆڤ ئەگوێزێتەوە.      ناوی گشتی [+کۆنکرێت]

هێڵکاریی (٤)




## ٤/٢) درووستەکانی DP پەیوەست بە چەشنی سەرەوە

پێشتر تەنها (مۆرفیمەکانی ناسراویی و نەناسراویی و وشەی نیشانە) بە دیارخەر دائەنران. بڕوانە (مەعرووف، ٢٠١٠، ١٦_٢٢)، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکانی دواتردا، سەرەڕای ئەو دیارخەرانەی ئاماژەیان پێ درا، کەرەستەکانی (رادده، ژمارە)ش، وەک دیارخەر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. هەروەک ((Alexander, ٢٠٠٣, ٥٥ ئارتیکڵەکانی بۆ دوو جۆر پۆلێن کردووە: (١) ناسراویی، نەناسراویی، وشەی نیشانە، خاوەنێتی، (٢) ژمارە، رادده. بەوپێیە بێت، جۆری دیارخەرەکان جیاوازن.

جێی سەرنجە، ئەگەرچیی (عەبوزەید، ٢٠١٩، ٤٠-٤٢) فرێزی دیارخەریی، بە جۆرێکی فرێزی ئەرکیی دائەنێت، بێ جیاوازییکردن لە نێوان جۆری دیارخەرەکاندا، بەڵام ئەو دیارخەرانەی لە سەرەوە خرانەڕوو، پەیوەست بە سەربەخۆیی فۆڕمەکانیانەوە جیاوازن، بە جۆرێک دیارخەرەکانی ناسراویی و نەناسراویی، درووستەیەکی ناسەربەخۆو بەندیان هەن، بەپێچەوانەوە دیارخەرەکانی (وشەی نیشانە، ژمارە، رادده) پێکهاتەیەکی سەربەخۆیان هەن، بەوەش جیاوازیی درووستەیی سەرە رێزمانییەکەی دیارخەر، هۆی بونیاتنانی فرێزی دیارخەریی جیاواز ئەبێت، کە هەردوو جۆری (فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی، فرێزی دیارخەریی ئەرکیی) ئەگرێتەوە، بڕوانە هێڵکاریی (٥)، (احمد، ٢٠٢٣، ٦٦، ٧٥)یش، جۆرەکانی فرێزی دیارخەریی بۆ (فرێزی دیارخەریی ئازاد، فرێزی دیارخەریی شکاوە) پۆلێنکردووە.

هێڵکاریی (٥)




## ٤/٢_١) فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی L.DP: Lexical Determiner Phrase

ئەو دیارخەرانەی، فۆڕمی سەربەخۆیان هەن، وەک (وشەی نیشانە، ژمارە، رادده)، ئەبن بە سەرەی ئەمجۆرە فرێزانە و دەرکردە بەرهەمهاتووەکەشیان، فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی ئەبێت. دیارخەرەکان لەو رووەوە سەربەخۆن، کە خاوەنی واتای سەربەخۆی فەرهەنگیین، بۆیە بە هەمان فۆڕمەوە و بە سەربەخۆیی، ئەبن بە تێکردە لە بەرهەمهێنانی L.DP دا بە پەیڕەوکردنی پۆلە رەگەز دیاریکردنی فەرهەنگیی D0+[N] ویستە ناوەکییەکەیان تێر ئەکەن و بەوەش درووستەیەکی بێ کەم و کووریی L.DP بەرهەم ئەهێنن. لە (٢) دا، یاساکانی بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی، پەیوەست بە دیارخەرە ئازادەکانی (وشەی نیشانە، ژمارە، رادده)وە شێوازبەند ئەکرێن، کە پاش گواستنەوەی خورتییانەی تەواوکەرە فەرهەنگییەکە لە چەپەوە بۆ لای ڕاست و لێدانی پارامیتەر، سەرەوڕیزبوونی درووستەکە ئەبێت بە کوردیی.

٢) أ- L.DP⟵N+D٠ بڕوانە نموونەی (٣_أ)

ب- L.DP⟵Pre.P +D٠ بڕوانە نموونەی (٣_ب)

پ- N + Dn⟵L.DP بڕوانە نموونەی (٣_پ)

ت- N + Dq⟵ L.DP بڕوانە نموونەی (٣_ت)

٣ _أ. {ئەم کێڵگەیە، ئەم خانووە، ئەو مامۆستایانە،...}

ب. {ئەم پەنجەرە ئاسنە، ئەم خوێندکارە زیرەکانە...}

پ. {دوو پیاو، سێ دار، چوار سێو...}

ت. {تۆزێک ئاو، کەمێک خوێ ،...}

٤/٢_١_١) وشەی نیشانە

جۆرێکی تری ئەو کەرەستانەی، کە فرێزی دیارخەریی بەرهەم ئەهێنن، وشە نیشانەکانی /ئەم...ە، ئەو...ە، ئەم...انە، ئەو...انە/ن (CARNIE, ٢٠١١, ٤٥)، کە ئەچنە شوێنی دیارخەر (Determiner)ەکانەوە و درووستەیەکی لە جۆری فرێزی دیارخەریی درووست ئەکەن، فۆرمەکانی /ئەم...ە،ئەو...ە، ئەم...انە، ئەو...انە/ لای زمانەوانەکان زاراوەی جیاوازیان بۆ بەکارهێنراوە، بۆ نموونە زاراوەکانی (جێناوی نیشانە، راناوی نیشانە، وشەی نیشانە، ئاوەڵناوی نیشانە)، هەندێکیش بە «جێناوی ئاماژە/ جێناوی نیشاندان (demonstrative pronoun» (مەحویی، ٢٠١١، ١١) ناویان بردووە.

وشە نیشانەکان، هەمان هەڵسوکەوتی مۆرفێمی ناسراویی و نەناسراوییان هەیە لە پێکهێنانی فرێزی دیارخەریی دا، واتە نیشانەی [+ناسراویی] بە ناوەکە ئەدەن، هاوکات (وشە نیشانەکان یش، کە خۆیان لە بنەڕەتدا لەشێوەی مۆرفێمی (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوە)دابوون، بەڵام لە سینتاکس دا بەشی یەکەمی مۆرفێمەکە وەك باسێك (Topic) یەتە سەرەتاوە و بەشەکەی تری بۆ پاراستنی رێسای سەرکۆتایی دیارخەرەکە، هەر کۆتایی ئەگرێت، ئەمەش ئەوە دەرئەبڕێت وشە نیشانەکانیش، لە بنیاتی درووستە سینتاکسییەکەدا بەهۆی پاشماوەکەیەوە ئەبێت بە سەرکۆتایی) (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٤)، (سەعید، ٢٠١٩، ٢٩٧).


لەو رووەوە، لە زمانی کوردیی دا وشەی نیشانە وەک سەری رێزمانیی بۆ بونیاتنانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی L.DP گۆ ئەکەن. ئەمجۆرەی دیارخەر، جیاواز لە (مۆرفیمی ناسراویی و نەناسراویی)، بە فۆرمی سەربەخۆ هەن، واتە فەرهەنگیین و ئازادیی روودانیان هەن، بۆیە ئاستی نواندنی D٠یان هەن، بەوەش ئەم وشانە بوون بە بنەمای بەرهەمهێنانی ئەمجۆرەی DP بە هەڵاوێرکردنی تەواوکەر/ ناوێک بە نیشانەی [+گشتی، + ژمێرراو]. بڕوانە (مەعروف، ٢٠١٠، ٢١)، بەپێی پۆلە رەگەز دیاریکردنە فەرهەنگییەکەی لە (٣_أ)دا، کە تەواوکەرەکەی، تەواوکەرێکی فەرهەنگییەو لە سینتاکس دا بۆ تەواوکەرێکی سینتاکسیی ئەگۆڕرێت، ئەویش لەلایەن سەرە رێزمانییە فەرهەنگییەکەی وشەی نیشانەوە، حوکم ئەکرێت. بڕوانە (٤) و هێڵکاریی (٦). هاوکات سەرەڕای یاسای (٣_أ)، بەهۆی یاسای (٣_ب)یشەوە، درووستەی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی بەرهەم ئەهێنرێت، یاساکەی (٣_ب)یش، بە جیاوازیی درووستەی تەواوکەرەوە پەیوەستە، کە درووستەیەکی لە جۆری دەستەواژیلەی هەیە. بڕوانە (٥) و هێڵکاریی (٧).

٣) أ- L.DP⟵ە+[N]D٠+ بڕوانە نموونەی (٤)

ب- L.DP+D۰ ⟵Pre.P            بڕوانە نموونەی (٥)


٤_ {ئەم گوڵدانە}

هێڵکاریی (٦)




٥_ {ئەم کوڕە باشە}

هێڵکاریی (٧)





وشـە نیشـانەکان لەگـەڵ مۆرفیمـەکانی ناسراویـی و نەناسراویـی، جگـە لـە ئازادیـی فۆرمـی فەرهەنگییان، لـەوەدا جیاوازن، کـە وشـەی نیشـانە ئەشـێت تەواوکەرەکـەی دەرنەبڕرێـت، ئەگەرچیـی لـە دروسـتەی قووڵیـا تەواوکەرێـک هەیـە، بـەڵام سـەربەخۆیی فۆرمـە فەرهەنگییەکـەی، رێگـە ئـەدات لـە دروسـتەی رووکەشـدا تەواوکەرەکـەی دەرنەبڕرێـت، وەك (ئەمـە، ئـەوە، ئەمانـە، ئەوانـە)، بەپێچەوانـەوە مۆرفیمـەکانی ناسراویـی و نەناسراویـی، نائازادیـی روودانیـان، مەرجـی دەربڕینـی تەواوکەرەکانیـان ئەسـەپێنێت، واتـە مۆرفیمـی بەنـدن و هەمیشـە لەگـەڵ تەواوکەرەکانیانـدا پێکـەوە یـەن.

٢/٤_١_٢) ژمارە


ژمارە، بە چەشنێکی تری دیارخەر دائەنرێت، بە جۆرێک (ئەو ژمارانەی جێکەوتەی پێش ناوەکان ئەگرن، بە دیارخەریی رادە هەژمار ئەکرێن). http://davpps.in/File/٨٨١٣/determiners.pdf. لەمڕووەوە، ژمارە بە جۆرێکی تری دیارخەرە ئازادەکان ناوزەد ئەکرێت، بەوپێیەی فۆرمێکی فەرهەنگیی هەیە و بەوەش ئەبێت بە کەتیگۆرییەکی سەربەخۆی فەرهەنگیی، هەربۆیە وەک توخمێکی پرۆژەسازدەر (أ) لەلایەک وەک X٠ هەڵسوکەوتئەکات، بەڵام بۆ جیاکردنەوەی لە جۆرەکانی تری دیارخەر، هێمای /Dn/ی دراوەتێ، کە لە پۆلە رەگەز دیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا، تەواوکەرێک بە نیشانەی [+ گشتیی، + ژمێرراو] یەوە داوا ئەکات، واتە «ناوە گشتییەکە ژمارە ئەیکات بە فرێز، بۆیە بە سەر هەژمار ئەکرێت» (ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٧٢). بڕوانە نواندنە فەرهەنگییەکەی لە (٤)دا. (ب) لەلایەکی تریشەوە، ئەمجۆرەی دیارخەر جێکەوتەی لای راستی سەرە ئەگرێت، بۆیە لە سینتاکس دا گواستنەوەی تەواوکەر روونادات، بەوەش سەرە رێزمانییەکەی ژمارە، جڵەوی کۆی پرۆژەکە ئەگرێت و لە راستەوە بۆ چەپ حوکمی تەواوکەرەکەی ئەکات. بڕوانە (٦) و هێڵکاریی (٨).

٤) [Dn [N +

٦_ {سێ ئەستێرە}




هێڵکاریی (٨)



٢/٤_١_٣) رادده


مۆرفیمـەکانی رادده، گۆکـردنی دیارخەرییـان هەیـە و لەنـاو دروسـتەی فرێـزە دیارخەرییەکـەدا، پەسـنی چەندێتیـی تەواوکـەر ئەکـەن، بۆیـە بوونیـان خورتییـە. بڕوانـە (CARNIE, ٢٠١١, ٤٥)،(Park, ١٩٩٦)
context=ircs_reports&١١٠٨=https://repository.upenn.edu/cgi/viewcontent.cgi?article

لـە زمـانی کوردییشـدا، پێشـبینیی ئەکرێـت وەک جـۆری سـێیەمی دیارخـەرە ئـازادەکان، توخمێکـی پرۆژەسـازەدەری فەرهەنگیـی بێـت و گۆکـردنی سـەری ڕێزمانیـی فرێـزی دیارخەریـی L.DP هەبێـت، لـەو ڕووەوە، کـە هاوشـێوەی ژمـارە، خـاوەنی فۆرمێکـی سـەربەخۆی فەرهەنگییـە و بـە وشـە ئەگەیەنرێـت. گـەر ئەمـە درووسـت بێـت، کەواتـە دیارخـەرە ڕادەییەکانیـش لەسـەر بنەمـای پۆلـە ڕەگـەز دیاریکـردنی فەرهەنگیـی، ناواخنەکەیـان دیـاری ئەکرێـت، هـەروەک یاسـای نواندنـە فەرهەنگییەکـەی لـە (٥)دا شـێوازبەند ئەکرێـت. بـۆ نموونـەی ئـەم جـۆرەی فرێـزی دیارخەریـی، بڕوانـە (٧) و نواندنەکـەی لـە هێڵکاریـی (٩)دا.

٥) [Dq[Y+

٧_ {هەندێک شەکر}

هێڵکاریی (٩)




٢/٤_٢) فرێزی دیارخەریی ئەرکیی I.DP

جێـی ئاماژەیـە، فرێـزی دیارخەریـی ئەرکیـی I.DP، جۆرێکـی دیکـەی فرێـزە دیارخەرییەکانـە و بەپێچەوانـەی DPی فەرهەنگییـەوە، پەیوەسـت بـە دیارخـەری نائـازادەوە بەرهـەم ئەهێنرێـت، ئەوانـەی فۆرمـی سـەربەخۆیان نییـە و بـە تەنها گۆکـردنی سینتاکسـییان نابێـت، وەک دیارخـەرەکانی ناسراویـی و نەناسراویـی /ـەکە، ـێک/ بڕوانـە (CARNIE, ٢٠١١, ٤٥).
لـەو ڕووەشـەوە، ئەگەرچیـی دیارخـەرەکان توخمـی پرۆژەسـازەدەرن و هاوشـێوەی توخمـەکانی دیکـە پـرۆژەی فرێـز بونیـات ئەنێـن، بـەڵام وەک ئامـاژەی پـێ درا، لەبەرئـەوەی ناسراویـی و نەناسراویـی لـە کوردیـی دا لـە جـۆری دیارخـەری نائـازادن

و بە مۆرفیمی سەربەخۆ نین، بۆیە درووستە بەرهەمهاتووەکەشیان لە جۆری فرێزی ئەرکیی ئەبێت. بڕوانە (٦)، کە تێیدا یاساکانی بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەریی ئەرکیی پەیوەست بە دیارخەری نا-ئازادیی (ناسراویی و نەناسراویی) یەوە، شێوازبەند ئەکرێت:

٦) أ- I.DP⟵N D٠+ بڕوانە نموونەی (٨_أ)

ب- Pre.P⟵I.DP+D٠ بڕوانە نموونەی (٨_ب)

٨_أ. {شارەکە، خانووەکە}

ب. {کچە کوردەکە، پیاوە دەوڵەمەندەکە}

## دەرئەنجام

دەرئەنجامی توێژینەوەکە، لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا ئەخرێنەڕوو:

١. بە گشتیی لە زمانی مرۆڤدا کۆمەڵێك روانگەی جیاواز لە ئارادان، کە کراون بە بنەما و بە میکانیزمی ناسینەوەی درووستەی فرێز هەژمار ئەکرێن، ئەوانیش روانگەکانی (فرێزپێکهێنان، X-bar، روانگەی ئەرکیی)ن، کە ئاڕاستەی کارکردنی توێژینەوەکە، زیاتر لەگەڵ بنەماکانی تیۆری (X-bar)دا گونجاو و هاوتەریبە، بە جۆرێک بۆ شیکردنەوە و دیاریکردنی درووستەی فرێزەکان، پشتیان پێ ئەبەستێت. ئەویش لەو روانگەیەوەیە، کە تیۆرەکە پەیوەست بە چەشنی (سەر)ەوە، (فرێزی فەرهەنگیی) لە (فرێزی ئەرکیی) جیاکردووەتەوە، بەوپێیە هەریەک لەو فرێزانە، لەڕووی درووستە و گۆکردن و مەودای بونیاتنانیانەوە، لەیەک جیاوازن، هاوکات جۆر و ئەدگاری (سەرە فەرهەنگیی)یەکان، ئەبن بە سەنگی محەک بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی (فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی) و دانانی هێڵێکی جیاکردنەوە لەگەڵ (فرێزی دیارخەریی ئەرکیی)دا.

٢. فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی، ئەو پڕۆژانەن، کە لە چوارچێوە و مەودای رێسای پڕۆژەسازدان دا بەرهەم ئەهێنرێن، سەری پڕۆژەسازدەری فرێزەکە لە جۆری (کەتیگۆرییە فەرهەنگیی)یەکانن، ئەوانیش دیارخەرە ئازادەکانی (وشەی نیشانە، ژمارە، رادده) ئەگرنەوە، بەوپێیە ئەو دیارخەرانە، فۆرمێکی ئازادیان هەن و خاوەنی واتای سەربەخۆی فەرهەنگیین، هەربۆیە بە هەمان فۆرمەوە، ئەبن بە تێکردەی پرۆسەکە لە بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەریی فەرهەنگیی L.DP دا، ئەویش بە پەیڕەوکردنی پۆلە رەگەز دیاریکردنی فەرهەنگیی [N]+D٠، کە پاش تێرکردنی ویستە ناوەکییەکەیان و لێدانی پارامیتەر، درووستەیەکی بێ کەم و کووڕیی فرێزەکە، بەرهەم ئەهێنرێت.

٣. خاڵی (٢)، دیاریکردنی پارامیتەری سەری رێزمانیی دیارخەرەکان دەستەبەر ئەکات، بە جۆرێک پەیوەست بە چەشنی دیارخەرەکانەوە، زمانی کوردیی، دوو پارامیتەریی جێبەجێ ئەکات، بۆ ئەوەش دیارخەرە فەرهەنگییەکان لەو رووەوە، کە جێکەوتەی سەرەتا ئەگرن، پەیڕەوی پارامیتەری سەر سەرەتا ئەکەن و لە راستەوە بۆ چەپ حوکم ئەکەن، بەپێچەوانەشەوە دیارخەرە ئەرکییەکان، لەبەرئەوەی جێکەوتەی کۆتایی ئەگرن، پارامیتەری سەرکۆتایی جێبەجێ ئەکەن و ئەوکات ئاڕاستەی حوکمکردنەکەشیان لە چەپەوە بۆ راست دەبێت.

# عبارة المحدد المعجمي في لهجة السليمانية

## الملخص

«عبـارة المحـدد المعجمـي في لهجـة السـليمانية» هـو محاولـة لمعرفـة المعـرف بالإضافـة بشـكل عـام و مـشروع المعـرف بالإضافـة في معجـم اللغـة الكرديـة - في لهجـة السـليمانية خصوصًـا.

أهميـة البحـث: (أ) مـن ناحيـة تعـد الربـط في تحديـد عنـاصر المعـرف بالإضافـة، والتـي، كرئيـس منجـزى المـشروع، تعتـبر آليـة لإنتـاج مـشروع المعـرف بالاضافـة. (ب) الجوهـر والبحـث نفسـه دليـل عـلى وجـود نـوع آخـر مـن المعـرف بالإضافـة، (المعـرف بالإضافـة العاملـة) و تعتمـد وجهـة نظـر التمايـز عـلى النـوع البنيـة لعنـاصر مكـوني المشـاريع.

محتـوى البحـث هـو تحديـد العنـاصر المعجميـة التـي تسـتند إلى مبـادئ نظريـة (X-bar)، تـم تحديدهـا كـرأس معجمـي لإنتـاج (العبـارة المحـددة)، ومـن شـكل هـذه العبـارات التـى تمـت الاهتـمام بهـا (العبـارة المحـددة المعجمـي)، ويرتبـط بعنـاصر منجـزى المـشروع وآليـات الإنتـاج وتـم العمـل عليـه.

تتركـز نتائـج البحـث، مـن خـلال نظريـة (X-bar)، فـإن نـوع المعلومـات ومحتـوى رؤسـاء منجـزي المشـاريع هـم السـبب في التعـرف والتصديـق عليهـا، وأن العبـارة المحـددة لـه إنشـاء و بنـاء الخـاص بـه.

الكلمات المفتاحية: الرأس المعجمى، البنية، الإسقاط، العبارة المعجمية، العبارة المحددة

Lexical Determiner Phrase In Sulaimani Sub Dialect

Assist. Prof. Dr. Sazan Dhahir Saeed

Kurdish Department, College of Language

University of Sulaimani

Kurdistan Region - Iraq

E-mail: sazan.mohammad@univsul.edu.iq

Shna Aziz Rahim- M.A Student

Ministry of Education

Kurdistan Region - Iraq

gmail.com@E-mail: shna.mina٨٤

## Abstract

This research is entitled (Lexical Determiner Phrase in Sulaimani Sub Dialect), It is an attempt to illustrate the views of phrase recognition in general and project of lexical determiner phrase in Kurdish-Sulaimani sub dialect in particular.

The significance of the research is, (a) on the one hand. It depends on the identification of lexical items like (the project-making head) that are considered to be the mechanisms of producing the lexical determiner phrase project. (b) the essence of the research itself provides evidence for the existence of another type of determiner phrase, which is (the functional determiner phrase), The distinction, depends on the structure type\ component of the project-making items.

The content of the research is to identify the lexical items, based on the principles of (X-bar) Theory, determined as lexical head for producing (lexical phrase), among these types of phrases, (lexical determiner phrase) has been taken into account concerning the project-making item and its mechanisms of production, has been working on.

The result of research of cusses on type of information and the content of project managers from the perspective of (X-bar) theory, reason of recognition and acceptance of (lexical determiner phrase), and the phrases have their own structure, function and construction range.

**KeyWords: Lexical Head, Structure, Projection, Lexical Phrase, Determiner Phrase.**

## سەرچاوەکان

أ. بە زمانی کوردیی:

١. ئازاد ئەحمەد حسەین، ٢٠٠٩، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزای هەورامیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەوارامان، چاپخانەی یاد، (ب.ش)

٢. بژوێن یەحیا محەمە، ٢٠١٦، نواندنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣. حاتەم ولیا محەمەد، ٢٠٠٩، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٤. خەسرۆ ئەحمەد ڕەسول، ٢٠١٢، ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە ڕوانگەی تیۆری ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سۆران.

٥. ڕەشید، طە، ٢٠١٥، ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا، نامەی متستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦. ژینۆ نزار احمد، ٢٠٢٣، جێندەر لە پێڕەوی فەرهەنگ و ڕێزمانی شێوەزاری هەورامییدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە.

٧. سازان زاهیر سەعید، ٢٠٢٠، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ

چـاپ و بڵاوکردنـەوە، سـلێمانی.
٨. سـانیا جەبـار عەبوزەیـد، ٢٠١٩، جهگۆرینـا کەرسـتان د رسـتیا ((گۆڤـەرا بەهدینـی))، چاپـی یەکـەم، سـەنتەرێ زاخـۆ بـۆ ڤەکۆلینێـن کـوردی.
٩. سـەباح رەشـید قـادر (٢٠٠٩)، هەنـدێ لایـەنی رێزمـانی دەسـەڵات و بەسـتنەوە (CB) لـە زمـانی کوردیـدا، بڵاوکـراوەی ئەکادیمیـای کـوردی، چاپخانـەی حاجـی هاشـم، هەولێـر.
١٠. محمد مەجید سعید، ٢٠١٥، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون، نامەی مستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١١. سەمیرە یونس، ٢٠١٣، سینتاکسی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
١٢. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، ٢٠١٠، درووستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
١٣. عەبدولجەبـار مسـتەفا مەعـروف، کاروان عومـەر قـادر(٢٠١١)، کاریگەریـی فەرهەنـگ لـە بنیـاتی درووسـتە سینتاکسـییەکاندا، گۆڤـاری الأسـتاذ، جامعـة بغـداد، العـدد (١٨٦).
١٤. عەبدولجەبـار مسـتەفا مەعـرووف، ٢٠٢٠، لێکۆڵینـەوە لـە فەرهەنـگ و سـینتاکسی کـوردی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی سـارا، سـلێمانی.
١٥. ڤیـان سـلێمان حاجـی، ٢٠٠٧، کەرەسـە بەتاڵـەکان لـە روانگـەی تیـۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوە ((شـێوەزاری کرمانجـی سـەروو))، نامـەی دکتـۆرا، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر.
١٦. محەمەدی مەحویی، ٢٠١١، رستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.
١٧. محەمەدی مەحویی، ٢٠١١، بنەماکانی سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکهەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی,
١٨. محەمـەدی مەحویـی، ٢٠١٩، پێـرەوی دیاریکـردن لـە سـتانداردی کوردیـی دا، گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، Special Issue.
١٩. نیهـاد سیسـۆ عەبـدوڵا، ٢٠٢٢، رۆنـانی گـرێ لـە شـێوەزاری هەرکیـدا بـە پێـی رێزمـانی دەسـەڵات و بەسـتنەوە، نامـەی ماسـتەر، فاکەڵتیـی ئـاداب، زانکـۆی سـۆران.

### بە زمانی عەرەبی:

٢٠. مرتـضى باقـر، ٢٠٠٢، مقدمـة فـی نظریـة القواعـد التولیدیـة، الطبعـة الاولی، دار الـشروق للنـشر و التوزیـع، عـمان، الأردن.

### بە زمانی فارسی:

٢١. مهدی مشکوەالدین، ١٣٨٦، سیر زبانشناسی، مشهد، انتشارات دانشگاه فردوسی.

### بە زمانی ئینگلیزی:

22. AARONS, D. (1994), ASPECTS OF THE SYNTAX OF AMERICAN SIGN LANGUAGE, Doctor of Philosophy, BOSTON UNIVERSITY.
23. Abney, S. (1987), THE ENGLISH NOUN PHRASE IN ITS SENTENTIAL ASPECT, DOCTOR OF

PHILOSOPHY IN LINGUISTICS. Cambridge, MIT.

24. Aitchison, J. (1999), LINGUISTICS, Fifth edition, NTC/ Contemporary Publishing, Lincolnwood ) Chicago), USA.

25. Alexander, L. (2003), Longman English Grammar, Twentieth impression, BRITISH LIBRARY CATALOGUING IN PUBLICATION DATA, Longman Publishing, Printed in China.

26. CARNIE, A. 2011, MODERN SYNTAX

27. Cook. V. & Newson, M. (1997), Chomsky's Universal Grammar, second edition, Blackwell Publishers.

28. Cook. V. & Newson, M. (2007), Chomsky's Universal Grammar, Third edition, Blackwell Publishing.

29. CRUSE, A.(2006), A Glossary of Semantics and Pragmatics.

30. Crystal, D. (2003) A dictionary of Linguistics and phonetics, 5th edition, Black well: Oxford.

31. Haegeman, L. (1998), Introduction to Government & Binding Theory, Second Edition, Blackwell Publishers Ltd.

32. MATTHEWS, P. H. (2007), Oxford CONCISE DICTIONARY OF Linguistics, Second Edition, OXFORD UNIVERSITY PRESS.

33. Radford, 1982,

**پێگەی ئەلکترۆنیی:**

٣٤. determiners.pdf/٨٨١٣/http://davpps.in/File

٣٥. context=ircs_reports&١١٠٨=https://repository.upenn.edu/cgi/viewcontent.cgi?article